پـــــاریزگای سلێمانی

کۆدی پرۆژە [(SUL. G. (3318)] ساڵی 2023

کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)

بۆ پرۆژەی: (چاککردنی بۆری ئاو و بەگەڕخستنەوەی وێستگەی پەمپەکان لە قەزای چەمچەماڵ +دروستکردنی تانکی کۆنکرێتی بە قەبارەی (1000) م3 لەکانی شەیتان لە قەزای چەمچەماڵ)

پـــــاریزگای سلێمانی بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا کان دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە، سەردانی بینای پـــــاریزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گرێ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر (200.000) دووسەد هەزار دینار ی عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا . کرێی بلاوکردنەوەی ناگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە پرۆژەکەی بۆ ئەسپاردە دەکرێت .

1- فرۆشتنی تەندەر لە رۆژی (13 / 4 /2023) دەست پێ دەکات تا رۆژی (4 / 5 /2023) لەکاتژمێر (9) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (12) ی نیوەڕۆ .

2- رۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (9 / 5 /2023) کاتژمێر (10:00) ی پێش نیوەڕۆ دەبێت .

3- رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان رۆژی (9 / 5 /2023)دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر کاتژمێر (10) ی پێش نیوەڕۆ لە پاریزگای سلێمانی/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان.

4- ئەگەر رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا یەکەم رۆژی دەوامی دوای پشوەکە دەبێتە رۆژی کردنەوەی تەندەر.

5- هیچ تەندەرێک لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

6-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە (250) دووسەدو پەنجا رۆژ رۆژی رۆژمێری) .

7- پێویستە لەسەر کۆمپانیا پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(2) ی ساڵی (2016) بێت.

8- پێویستە لەسەر کۆمپانیا هەموو برگەکانی کتاب عطاء پر بکاتەوە وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی دوور دەخرێتەوە.

9- پێویستە کۆمپانیا وێنەیەک لە ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی 2023 بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی دوور دەخرێتەوە .

10- پێویستە بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراو ی کۆمپانیا واژۆ بکات یان کەسێکی ڕێگە پێدراو (تخویل) بەنوسراوی فەرمی دیاری بکات .

11- پێویستە کۆمپانیا وێنەیەک لە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان بهێنن کە پشتگیری کراون بۆ ساڵی 2023 بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی دوور دەخرێتەوە .

12- پێویستە کۆمپانیا بڕیاری ڕەزامەندی دامەزراندنی کۆمپانیا پێشکەش بکات کە هاوپشکەکانی کۆمپانیای تێدا دیاری کراوە.

13- بارمتەی سەرەتایی / بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر هەر کەم و کورتییەک هەبێت لە پرکردنەوەی بەڵێننامەکەی ئەوا تەندەرەکەی دوور دەخرێتەوە.

14- مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت .

15- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (120) سەدو بیست رۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

16- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی (تحفظ) کاری لەسەرناکرێت و ڕەت دەکرێتەوە.

17- پاریزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی نوسراوی سپاردن .

18- پێویستە کۆمپانیا نامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێک بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر نامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

19- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی ئەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

20- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) و ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات .

21- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەک لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی بکات.

22-کۆمپانیاکان بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەک لەسەر بەڵگەنامەکانی ستانەردی ئەم پرۆژەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکانی پاریزگای سلێمانی هۆبەی چاودێری وراهێنان /کاروباری تەندەر بکات.

((مەرجەکانی بەشداری کردن))

1- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن پێویستە پلەی پۆلێنکردنیان لە پلە (2-6) دا بێت، وەپێناسی پۆلێن کردنیان پێبێت کەلە (وەزارەتی پلاندانان) ی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوبێت و بەروازی بەسەر نەچووبێت

2- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە دامەزراو بن بە پێی یاسا لەناو عێراقدا و لەفەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەوەزارەتی بازرگانی – حکومەتی نیتحادی و /یان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەهەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی بنەمایی (اصولی)تۆمار کرابن.

3- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە دامەزراو بن بە پێی یاسا لەدەرەوەی عێراق و بەشێوەیەکی بنەمایی تۆمار کراوبن یان لقیان هەبێت لە هەرێمی کوردستان

تێبینی :

1-کۆمپانیا پێش کرینی تەندەر بۆی هەیە سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات .

2-بودجەی پرۆژەکە لەسەر بودجەی (پەرەپێدانی پاریزگاکان (پاریزگای سلێمانی) یە بۆ ساڵی 2022 وەبەردەوامی هەیە بۆ ساڵی 2023.

وێنەیەک بۆ:

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی 2/ سلێمانی /بۆ نامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی /بۆ نامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان /کاروباری دارایی/فرۆشتنی تەندەر بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / کاروباری تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ ناگاداریتان.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ناگاداریتان.
- مالپەری www.slemani.gov.krd / پاریزگای سلێمانی بۆکاری بلاوکردنەوەی .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (0533193973) وە بکەن لە پاریزگا / کاروباری تەندەر .

ئەحمەد جەلی ئەحمەد

جێگری پاریزگاری سلێمانی

ئەندازیاری ناسادەکردنی تەندەر

ئەندازیاری چێکی تەندەر

ل.کاروباری تەندەر

بەڕێوەبەری گرێبەستەکان